# کەر و دەنگی خۆش

نووسینی: ئەمیری حاجی داود

(ئالوگۆڕکردنی: میدیا)



کەرێک دەنگی خۆی پێ خۆش نەبوو، بە تایبەتیش کاتێ دەنگی خۆی لەگەڵ دەنگی ئاژەڵەکان و باڵندەکانی تردا بەراورد دەکرد.

ئێوارەیەکی هاوین، گوێی لە دەنگی کۆمەڵێک سیسرکە بوو کە بە یەکەوە گۆرانیان دەگوت. کەرەکە لە دەنگخۆشی سیسرکەکان سەری گەلێک سووڕ ما. کەرەکە خۆی پێ ڕانەگیرا و لە یەکێک لە سیسرکە بچووکەکانی پرسی :

ـ ئەرێ ئێوە چی دەخۆن کە دەنگتان وا خۆش و زوڵاڵە؟

سیسرکەیەکیان وەڵامی دایەوە و گوتی:

ـ ئێمە خواردنمان نیە و تەنیا ئاوی پیس دەخۆینەوە!

ئیتر لەو کاتەوە کەرەکە بۆ ئەوەی دەنگی خۆش بێت، دەستی لە خواردن هەڵگرت و تەنیا ئاوی پیسی دەخواردەوە، تا لە ئەنجامدا لە برسان تۆپی.

ئەمەیە چارەنووسی هەندێک کەسە، کە بۆ گەیشتن بە هەندێک پلە و پایە، ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسی و ئازاری بێ واتاوە، کە لە ئەنجامدا زیان بە ژیانی خۆیان دەگەیەنن.

Copyright © Kurdi.fi